# ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە هاندانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا

محەمەد کەریم سەعید[١] پ.ی.د. مەغدید خضر ئەحمەد سەپان[٢]

[١] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

کەناڵەکانی ئاسمانی، لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە، زۆر بەخێرایی بڵاوبوونەوە، لەگەڵ ئەوەی بەهۆی هاتنەکایەی ئامراز و پلاتفۆرمی نوێی ڕاگەیاندن و ئەو پێشکەوتنە سەردەمیانەی، کە لە ڕێی نەوەی جیا جیای ئامێرەکانی پەیوەندیکردن بەدیهات، تا ڕادەیەک بینەریان ڕووی لە کەمی کردووە، بەڵام تا هەنووکە بێ ڕۆڵ و کاریگەریی نین.

پەیوەست بەم پرسە، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە، کە بە ناونیشانی (ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە هاندانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا)یە، بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو ڕۆڵەی، کە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە قووڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا بینیویانە.

لەم توێژینەوەیەدا، ئاراستەی ڕۆڵی جیاوازی ئەو کەناڵانە لەسەر دوو ئاست وەرگیراوە، هەروەک بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی زۆربەی کەناڵەکانی ئاسمانیی کوردی تایبەت بە هەواڵ و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی و هەروەها لەسەر ئاستی دووەمیش، هەریەک لە کەناڵەکانی ئاسمانیی کوردی (کوردستان٢٤، ڕووداو، ئێن ئاڕتی و کوردسات نیوز) بە تایبەتی، وەرگیراون.

توێژینەوەکە بە پشت بەستن بە میتۆد و ڕێکاری زانستی، کاری لەسەر ناڕوونی و نادیاری ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە هاندانی پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی کردووە. بایەخی توێژینەوەکە لەوەدایە، پرسێکی هەنووکەیی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و قەیران و ململانێی فرە پێکهاتەی وەرگرتووە، کە تا ئێستا لە ڕوانگەی ڕۆڵ و ئامادەیی میدیا لەو نێوەندەدا، وەک پێویست توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژەر، میتۆدی ڕووپێووی ڕاگەیاندنی بەکارهێناوە، دەستەبژێری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی وەک نموونەی کۆمەڵگەی توێژینەوە لە هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە. بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی، فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە. بۆ دڵنیابوون لە شێوازی زانستی، فۆڕمی توێژینەوەکە، خراوەتە بەردەستی لیژنەیەک لە پسپۆڕان، بە مەبەستی هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لەسەر ڕادەی ڕاستگۆیی، کە ڕادەی ڕاستگۆییەکەی بریتی بوو لە (96.84%).

توێژەر، وێڕای شیکردنەوەی چەمک و ڕەهەندەکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی و ئاراستە و ڕەنگدانەوەی هزری پێکەوەژیان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا، گەیشتووەتە ئەو دەرئەنجامەی، کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی دەتوانن ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینن لە لێکنزیککردنەوەی لایەنەکانی نێو بازنەی ململانێکان و کەمکردنەوەی شوێنەواری نەرێنییەکان و بەرپاکردنی ئاشتەوایی نێوخۆیی.

**کلیلە وشەکان: ڕۆڵ، کەناڵی ئاسمانی، پێکەوەژیان، ئایین، نەتەوە، هەرێمی کوردستان**

مجلة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 5 ، العدد 1 ( 2024 )
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 8 فبراير 2024
حقوق الطبع والنشر © ٢٠٢٤. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## پێشەکی

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١، دەرفەتێکی باش بۆ کورد هاتە پێش، کە خۆی حوکمڕانی خۆی بکات و پیشانی ناوخۆ و دەرەوەی بدات، لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا، هەموو کەسێک مافی پارێزراوە و بۆی هەیە، بەو جۆرە بژی و بخوێنی، کە خۆی دەیەوێت. لەو سیستەمەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، پێکەوەژیان ڕووبەرێکی فراوانی بەرکەوتووە، هەر ئەوەش بووەتە مۆرکێکی واقیعی بە هەرێمی کوردستان و ناوبانگی کوردیشی لە جیهان جوانتر کردوە.

هیچ نەتەوە، یان گرووپێکی ئایینی و مەزهەبی، ناتوانن بەبێ بنەمای پێکەوەژیان لەگەڵ یەکتر بژین. جگە لە سیاسەتی حکومەتەکان و ڕۆڵی یاسا بەرکارەکان لە پاراستنی مافی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکان، میدیا دەتوانێت لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بارەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێت.

بەو پێوەرەی تا ئێستا بەشی زۆری جەماوەر، پشت بە تەلەڤزیۆن، وەک ئامرازێکی گرنگی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانی دەبەستێت، بەتایبەت لە سەردەمی ئەمڕۆی خێرایی و فراوانبوونی تواناکانی پەخش و دەستگەیشتنی بە هەموو ڕووداو و شوێنێک، زۆر ئاسانتر لە جاران دەتوانێ ڕۆڵی ئەرێنی لە هۆشیارکردنەوە و گەیاندنی پەیامی نوێ و زانیاریی بە کەڵک و جەختکردنەوە لە تێرم و ئەو پرەنسیپانەی، کە دەبنە مایەی چەسپاندنی کولتووری پێکەوەژیان و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بگێڕێت.

لە هەرێمی کوردستاندا، کە قەوارەیەکی فەرمیی دەستوورییە، بەو پێیەی لە ڕووی ئایینی و نەتەوەییەوە فرە پێکهاتەیە و هەریەک لە نەتەوەکانی "کورد، عەرەب، کلدان- سریان- ئاشووری، تورکمان و ئەرمەن" و لە ئاستی ئایینی و ئایینزایشدا، هەریەک لە "موسڵمان، مەسیحی، ئێزدی، کاکەیی، سابیئی (مندائی)، بەهائی و زەردەشتی"ی تیادا دەژین، جیاکارییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە و مێژوویەکی درێژی پێکەوەژیانیان هەیە، بەڵام ناوچەیەکی بێ کێشە و قەیرانیش نییە، بۆیە خوێندنەوە و توێژینەوە لەسەر ئەو پرسە، دەرفەتێکی باش دەبێت لە پیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستاندا.

گرنگی پرسی پێکەوەژیان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا وای کردووە، توێژەر کار لەسەر ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە هاندانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا بکات. لەم ڕوانگەیەوە، ئەم توێژینەوەیە، لە سێ بەش پێکدێت، لە بەشی یەکەمیدا، کار لەسەر چوارچێوەی گشتی و لایەنی میتۆدی توێژینەوەکە کراوە.

بەشی دووەم، کە خۆی لە چوارچێوەی تیۆریدا دەبینێتەوە، تیشک خراوەتە سەر مێژوو، کەتوار و ڕەهەند و ئاراستە مۆدێرنەکانی پێکەوەژیان و ڕەوشی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان.

بەشی سێیەمیش، کە لایەنی مەیدانیی توێژینەوەکەیە، گرنگترین زانیاری و ئەنجامەکانی پەیوەست بە وەڵامدانەوەی نموونەی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە:

### ١. کێشەی توێژینەوەکە

هزری پێکەوەژیان لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکان بابەتی ڕۆژە. ئەمە جگە لەوەی لەو سەردەمەی ئێستا، کە جیهان بە گشتی و عێراق و ناوچەکە بە تایبەتی، بە زنجیرەیەک قەیران و ئاڵۆزی و ململانێدا تێدەپەڕن، یەکێکە لە بابەتە گرنگەکان کە لەم نێوەندە جۆرێک لە فەرامۆشکردنی ئەم لایەنە دەبینرێت و هزری دەمارگیری باڵی بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەدا کێشاوە. کەواتە لێرەدا بە مەبەستی گەشەپێدان و هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە هزری پێکەوەژیان، لە چوارچێوەی زمانی گفتوگۆ و یەکترقبوولکردن وەک یەکێک لە ڕەگەزە گرنگەکانی پێکەوەژیان، ڕۆڵی میدیا دێتەپێشەوە.

بە شێوەیەک کێشەی توێژینەوە لەو پرسیارە سەرەکییەدا کورت دەکرێتەوە:

کەناڵەکانی ئاسمانی تایبەت بە هەواڵ و زانیاری لە هەرێمی کوردستان، چ ڕۆڵێکیان لە پێشخستنی هزری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان هەبووە؟

### ٢. پرسیارەکانی توێژینەوەکە

١. تا چەند کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی ڕۆڵییان هەیە لە لێکنزیککردنەوەی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و قووڵکردنەوەی کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستاندا؟

٢. زۆرترین ئەو بابەت و بەدواداچوونانەی پەیوەستن بە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، کە کەناڵەکانی ئاسمانی کاریان لەسەر دەکەن، چین؟

٣. تا چەند کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی، توانیویانە کار بۆ چەسپاندنی بەهای پێکەوەژیان و گەشەپێدانی هزر و کولتووری پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان بکەن؟

### ٣. ئامانجەکانی توێژینەوەکە

١. دەستنیشانکردنی ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە لێکنزیککردنەوەی پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان.

٢. دیاریکردنی ڕادەی بایەخپێدانی نموونەی توێژینەوە بۆ پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە ڕێگەی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی.

٣. نیشاندانی ڕۆڵی بەرنامەکانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە چەسپاندنی بەها و کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتییانە لە هەرێمی کوردستان.

### ٤. گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە پرسێکی هەنووکەیی لە ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و قەیران و ململانێی فرە پێکهاتەی وەرگرتووە، کە تا ئێستا لە ڕوانگەی ڕۆڵ و ئامادەیی میدیا لەو نێوەندەدا، وەک پێویست توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە هاندانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان

دەستنیشان بکرێت. وێڕای تازەیی و هەنووکەیی بابەتی توێژینەوەکە، کە تاکو ئێستا وەک پێویست توێژینەوەی زانستی لە بارەیەوە نەکراوە.

### ٥. چەمکەکانی توێژینەوەکە

١. **ڕۆڵ:** چەمکێکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە و شوێنپێگەی کۆمەڵایەتیی تاکەکان، پشت بە ڕۆڵی کۆمەڵایەتییان دەبەستێت، چونکە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، هەڵگری ئەرک و مافە کۆمەڵایەتییەکانە، هەروەک بە گەڕانەوە بۆ زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان، هەموو تاکێک، بە ئاستی جیاواز، ڕۆڵی تایبەت بە خۆی هەیە (اسماعیل ٢٠١١، ١٩٥).

٢. **پێکەوەژیان:** وشەیەکی لێکدراوی زمانی کوردییە، لە دوو بەشی "بەیەکەوە" لەگەڵ "ژیان" پێکهاتووە (عەبدوڵڵا ٢٠١٦، ١٦). پێکەوە، واتا دەگەڵ یەک، وێکڕا، تێکڕا، وێڕا، پێڕا (موکریانی ١٩٩٠، ١٣٥). لەگەڵ چەمکی تەواوکەر کە "ژیان"ە، واتە پێکەوە هەڵکردن. لە زمانی عەرەبیشدا، کە "تعایش"ی پێ دەگوترێت، هەمان مانای پێکەوەژیان، پێکڤەژیان، هاوژینی، بەدەستەوە دەدات (رواندزي ٢٠١٩، ١٦٣).

٣. **کەناڵەکانی ئاسمانی:** لە ڕووی چەمک: کەناڵ، واتا هەموو ئەو بەرنامە تەلەڤزیۆنیانەیە، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی سەتەلایتەوە، یانیش لە ڕێگەی کێبڵەوە دەگاتە بینەر و بە ئامرازێکی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی مەعریفە و زانیاری دادەنرێت، یان دەکرێ بگوترێت: ئامرازێکە بۆ خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بە گشتی (الدناني ٢٠٠٦، ١٧٣). ئەو وێستگانەی پەخشیان لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوەیە، پەخشەکەیان سنووری جوگرافیای دەوڵەتی نێردەر دەبەزێنێ و لە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی جیهان، لە ڕێگەی ئامێری تایبەت بە وەرگرتنی هێماکان و شەپۆلەکانی مانگی دەستکرد و ئامێری وەرگر و سنی سەتەلایتەوە، وەردەگیرێت (السيد ٢٠٠٩، ٦٨).

٤. **هەرێمی کوردستان:** بریتییە لە ناوچەیەکی دیاریکراو لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدراڵ (الدستور العراقي ٢٠٠٥) زۆربەی هەرە زۆری دانیشتووانی کوردن، بەڵام لە ڕووی فرەنەتەوەیی و فرەئایینییەوە لە هەرێمەکانی دیکەی عێراق جیایە (نەقشبەندی ١٩٩٨، ١١)، یان مەبەست لەو ڕووبەرە فراوانەیە، کە لە پاش ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەرەی کوردستانی و دواتریش بە هۆی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان- عێراق لە ١٩٩٢/٥/١٩، کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ڕووبەری هەرێمی کوردستان (٨٢٧٣٧) کم٢ یە، بەمەش (١٨.٨٨٪)ی خاکی عێراق پێکدەهێنێت (محەمەدئەمین ٢٠١٤، ٣١).

## بەشی دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە

### یەکەم: پێکەوەژیان و پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی

### ١- ڕەهەند و ئاراستە مۆدێرنەکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی

بیرۆکەی پێکەوەژیان نوێ نییە، ڕەهەندێکی مێژوویی قووڵی هەیە. یوهان هێردەر فەیلەسوف، پێی وایە پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و نزیک لە نێوان پێکەوەژیان و شارستانییەتدا هەیە؛ لەو ڕوانگەیەشەوە، بە ڕوونی جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگەی شارستانی و کۆمەڵگەی ناشارستانی، یاخود بەربەری دەکا. هێردەر پێی وایە هەر کۆمەڵگەیەک، کە زیاتر ڕەگێکی قووڵی ژیانی تێدایە و پێشکەوتووە، ئاستی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان پێکهاتەکانی زیاترە و کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و هاوسەنگ و تەباترە بە بەراورد بەو کۆمەڵگەیانەی کەمتر گەیشتوون بە ئاستی پێشکەوتنی ژیاری و هزری بە جۆرێک یەکتر قبوڵنەکردن و هەندێکجار توندوتیژی، لە ڕەفتار و ئاکار و هەڵسوکەوتی تاکەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە (FRENDO 2005, 170).

ئامانج لە بنیاتنانی پێکەوەژیانی ئاشتییانە، لە بنەڕەتدا، سەقامگیری و بەدیهێنانی دادگەری و بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و هۆشیاریی ئاشتیخوازانەیە، هەروەها دروستکردنی هارمۆنییەت و بەدیهێنانی پێشکەوتنە لە کۆمەڵگەدا. لەبەر ئەوە بنیاتنانی ئاشتی لە کۆمەڵگەدا، بنەمایەکی بنەڕەتییە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەک، کە بتوانێت دووبەرەکی و ناکۆکییەکان بەجۆرێک ئاراستە بکات، کە دیاردەی نەخوازراو و توندئاژۆیی لێ نەکەوێتەوە؛ مامەڵە لەگەڵ ململانێیەکان بکات و دەرئەنجامەکانیشی قبووڵ بکات، بەبێ ئەوەی پەنا بباتە بەر توندوتیژی. چونکە لە بنەڕەتدا "پرۆسەی بنیاتنانی ئاشتی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، هۆکارێکی کاریگەری گەشەپێدانی پەیوەندیی لایەنە ناکۆکەکان و پاڵنەرێکی بەهێزی پاڵپشتیی پرۆسەی هەماهەنگی و هاوکاریی بەکۆمەڵ و بنیاتنانی پەیوەندیی ئەرێنی دەبێ (دوملي ٢٠١٤، ١٦)، بۆیە نزیکبوونەوە لەگەڵ ئاراستە مۆدێرنەکانی پێکەوەژیان، یان ئاشنابوون بە بایەخی چەمک و بەها مرۆییەکانی ئەو پرسە، تا ڕادەیەکی زۆر هاوکار دەبێت لە پرسی پێکەوەژیان و یەکترقبوڵکردن. بە واتایەکی دیکە بەبێ ڕووچوونە قووڵایی فەلسەفەی پێکەوەژیان و هۆکارەکانی کاڵبوونەوە، یان لێکترازانی پەیوەندیی گرووپ و کۆمەڵە جیاوازە ئایینی و ئایینزایی و نەتەوەییەکان، ناتوانین بە دیدێکی ڕۆشن لەسەر گرنگیی پرسی پێکەوەژیان و چۆنیەتیی فەراهەمکردنی، بگەین .

بەگشتی پرسی پێکەوەژیان، فۆڕمێکی جیهانیی مۆدێرن و لە پێشینەی وەرگرتووە، شۆڕکردنەوەی چەمکەکانی پێکەوەژیان بۆ ئەرزی واقیع و پابەندبوون بە بنەما و بەها ژیاری و مرۆییەکانی ئەو پرسە گرنگە، وای کردووە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆر بە جددی کار لەسەر پێکەوەژیان بکات و چەندین جارنامە و ڕێککەوتنی جیهانییش لەسەر ئەو پرسە بەدیهاتوون.

### ٢- بەهاکانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی

وەک دەردەکەوێت، ئایین فاکتەر و ڕەهەندێکی سەرەکیی بەدیهێنانی ڕۆحی پێکەوە هەڵکردنە. "ئایین هەمیشە پێویستییەکی ڕۆحییە و مرۆڤەکان زۆر بە جددی وابەستەی ئایین دەبن، بەڵام ئایا جیاوازیی ئایینی ئەوە دەگەیەنێت مرۆڤەکان لە گیانی لێبوردن دابڕێن و نەتوانن بە هۆی جیاوازیی ئایینی یان ئایینداری و بێباوەڕی،

بەیەکەوە بژین؟ بێگومان ئەم جیاوازییە هیچ کاتێک پاساوێکی ڕەوا نییە بۆ نەبوونی مەیلی پێکەوەژیان" (میران ٢٠١٦، ٤٢)

هەروەک بیرمەندی لاهوتی سویسری (هانز کونج) پێی وایە ئاشتی لە نێوان ئاینەکان بەرقەرار نابێت، تاکو گفتوگۆیەکی ڕاستەقینە لە پێناو پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەی ڕاستەقینە بەدینێت، کە بەهۆیەوە دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ نەوەکانی داهاتوو زامن دەکرێ و بنەمایەکی بنەڕەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخوازی دوور لە توندوتیژی و ڕکوکینە و ڕتکردنەوەی بەرامبەر دادەمەزرێ (ستوني ٢٠١٤، ١٤).

بیرۆکەی سەردەم بۆ پێکەوەژیان لە هەر کۆمەڵگەیەکی هاوچەرخی فرە دەنگ و ڕەنگ، ڕەوایەتیی خۆی لە دانان بە جیاوازیی ئەوی دیکە و هەڵکردن لەگەڵ ئەو جیاوازییەدا وەردەگرێت. هەر کاتێک ئەم دانانە نەبوو، هەنگاو بە هەنگاو پرۆسەی یەکتر ڕەتکردنەوە و قبووڵنەکردنی جیاوازیی بەرانبەر بە ئەوی دیکە دەستپێدەکات، کە هەنگاو دەنێت بەرەو توندوتیژی و لەناوبردن. تاکە ڕێگری لە گەیشتن بەم بارودۆخە، دروستکردنی گیانی لێبوردەییە.

### ٣- لێبوردن و پێکەوەژیانی ئاشتیانە

دەکرێت بگوترێت بونیادنانی پەیوەندییەکی تەندروست و دروستکردنی فەزای پێکەوەژیانی ئاشتیانە پێویستی بە دیدێکی سەردەمیانە و سەر لە نوێ پێداچوونەوە بە چەمکەکان هەیە، بە تایبەت لێرەدا، گرنگیی لێبوردەیی دێتە پێشەوە .

دەکرێت جەوهەری پێکەوەژیان خۆی لە بەهای لێخۆشبوون ببینێتەوە؛ لێبوردەیی لەگەڵ ئەوی دیکە، کە جیاوازە لە ڕووی ناوەرۆک و شێوە و ڕەچەڵەک و ئایدیۆلۆژیاوە، هەروەها مانای ڕاهاتنە لەسەر قبوولکردنی جیاوازییەکان. "لێبوردەیی دەکرێت ببێتە پاڵپشتێکی گەورەی قوولکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان، چونکە لێبوردن بەهایەکی ڕەوشتی و سیاسی و هەڵوێستێکی مرۆییە لە بەرانبەر دەمارگیری، مانایەکە بۆ جیاوازی و فرەجۆری، بۆیە مەرجێکی بنەڕەتیی مومارەسەکردنی دیموکراسییە" (شابي ١٩٨٧، ٧٣).

بنچینەی مێژووی لێبوردەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نوێگەری، کە وایان دەبینی "مەزهەبی پرۆتستانتی لە سەدەکانی شانزە و حەڤدە سەرچاوەی لێبوردەییە. ڕەنگە یەکەم کەس کە ئەم دەستەواژەی بەکارهێنابێ، مارتن لوسەر بووبێت (Martin Luther) لە ساڵی ١٥٤١، کاتێک لێبوردەیی، بە ئازادیی بیر و باوەڕ و ویژدان بەستەوە" (بغوره ٢٠٠٣، ١).

## دووەم: پێکهاتە ئایینییەکان لە هەرێمی کوردستان

مرۆڤ هەر لە بەرەبەیانی پەیدابوونییەوە بێ ئاین نەبووە و خوداپەرستی تێدا وەك خوێنی لەشی بە شارەگیدا گەڕاوە (مستەفا ٢٠٠٦، ٧٩). کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی بە سەرزەمینی پێکەوەژیانی کۆمەڵێکی زۆر لە ئاین و ئاینزا و گرووپی نەتەوەیی و پێکهاتەی جیاواز دادەنرێت و پێش زۆربەی دەوڵەتانی جیهان، هەر سێ ئایینی ئاسمانی (جو، کرستیان، ئیسلام)ی گەیشتوێ و لێی بڵاوبۆتەوە، وەلێ هیچ لەو ئاینانە لە سەرەتادا بە گوڵ پێشوازییان لێنەکراوە، بەڵکو بە زۆر و بە شەڕ بەسەر خەڵك سەپێندراون، بەڵام لەگەڵ کات، ئاینەکان قبوڵ کراون و بە هەموو شێوەیەکیش بەرگرییان لێکراوە، سەرکردەی ناودار و مەزن و زانای گەورەشیان لێدروست بووە (سەپان ٢٠٢١، ٩٣).

ڕاستە لە مێژووی دوور و نزیکدا، کوردستان ناوچەیەکی تاوەکو ئەندازەیەک ئارام بووە بۆ هەموو پێکهاتە ئایینی و ئاینزاکان و مومارەسەکردنی سرووت و پەرستشە ئایینییەکانیش بەشێوەیەکی ئاشتییانە هەمیشە پەیڕەو کراوە؛ بەڵام هێشتا ئەمە نەبووەتە ڕێگر لە بەردەم زۆرێک لە گرووپ و ئێتنیکە جیاوازەکان، کە تووشی بەکارهێنانی توندوتیژی و چەوساندنەوە نەبن، بەڵکو لە ڕێگەی پەیڕەوکەرانی ئایینە جیاوازەکانەوە، زۆرجار ئەوەی لاواز و کەمینە بووە، لە لایەن زۆرینەی باڵادەست و بەهێزەوە تووشی بەکارهێنانی توندوتیژی بووەتەوە.

دواتریش ئەو کۆمەڵە ئایینییانەی لە کۆمەڵگەی کوردی ئیسلامیدا دەژین، وەکو مەسیحی، جوو، ئێزدی، کاکەیی، بە بەراورد لەگەڵ موسڵمانەکان، ڕەوشێکی یەکسانیان نەبووە. هەستی پێ دەکرێ، موسڵمانەکان، جاران و ئێستاش بە چاوێکی نزمەوە سەیری ئایینەکانی دیکەیان کردووە، ئەم بارەش لە سەرانسەری ژیانی ڕۆژانەی ئەو کۆمەڵانە ڕەنگی داوەتەوە (میران ٢٠١٧، ٥٠).

هەرچەند هەندێک بۆچوون هەن پێیان وایە ئەو شەڕ و هەڕەشە و زۆردارییەی لە کوردستان بەرامبەر شوێنکەوتووانی ئایین جیاواز ڕوویداوە، زیاتر لە دەرەنجامی ناکۆکی کۆمەڵایەتی و گرفتی خێزانی و ئابوورییەوە بووە، لە بەرامبەر بەدەستهێنانی چەند دەستکەوتێکی تاکەکەسی و عەشیرەتگەری سەریانکێشاوە بۆ ململانێی ئایینی (ستوني ٢٠١٤). نابێ ئەوەمان بیرچێت، "لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاین وەک ئامرازێکی ڕەوایەتیی دەسەڵات بۆ زۆر لە ڕژێمەکان دەبینرێت، جا ئەو ڕژێمانە پاشایەتی یان کۆماری بن؛ هەروەها بوونی ئاماژە ئایینییەکان و سیاسەتکردن بە بەرگی ئاینییەوە لە نێو کورد، پرسێکی شاراوە نییە. جگە لە میراتی ڕەگەزە نەرێتییەکانی کاراکتەرە ئایینییەکان و کاریگەرییان بەسەر گوتاری سیاسی" (Wanche 2002, 190).

لە کوردستانیش وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی دیکەی فرە نەتەوە و فرە ئایین و پێکهاتە، هەوڵی بە سیاسیکردنی ئایین و دەرهێنانی لە چوارچێوەی ڕۆحی دراوە و تێکەڵ بە بەڕێوەبردن کراوە، کە دەرئەنجام پەیڕەویکەرانی ئایینی باڵادەست و زۆرینە، لە ڕێگەی توندوتیژی و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی جیاوازەکان، هەوڵی لاوازکردنی پێکهاتە کەمینەکانیان داوە؛ ئەمەش پرسی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی ئەو ئایین و گرووپە جیاوازانەی لەگەڵ یەکتری لاواز کردووە.

ئەم ڕاستییەی سەرەوە ئاماژە بە دەرئەنجامێکی گرنگ دەدات، ئەویش ئەوەیە: پرسی پێکەوە ژیان و ئاشتی لە نێوان ئایینەکان، هەرگیز لە هیچ کۆمەڵگەیەک فەراهەم نابێت تا ئەو کاتەی تێڕوانینێکی مرۆڤانە و گفتوگۆیەکی شارستانی، لە پێناو پێکەوەژیانێکی ئاشتییانەی ڕاستەقینە، لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی ئایینی و نەتەوەیی دروست نەبێت.

## سێیەم: پێكهاتە نەتەوەییەكان لە هەرێمی كوردستان

گفتوگۆی جیاواز و ئاڵۆز لەسەر ڕەگوڕیشەی سەرهەڵدانی نەتەوە و چەمكی نەتەوە لەناو ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزم و بونیادنانی نەتەوە هەیە. زۆربەی زانایانی بواری دروستبوونی نەتەوە هاوڕان لەسەر ئەوەی نەتەوە بریتییە لە بوونی كۆمەڵە گرووپ و خەڵكێك، كە لە سنوورێكی دیاریكراودا شوناسی نەتەوەییان دروستكردووە. مێژوونووس و زانای بەناوبانگی ماركسی- بەریتانی (ئێریك هۆبزباوم) ئاماژە بە مودێرنبوونی چەمك و سەرهەڵدانی نەتەوە دەكات كە سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و كۆنترنییە لەو ڕێككەوتە.

ئەنتۆنی دی سمس، زانای سیاسی سۆسیۆلۆژی بەریتانی (١٩٣٩-٢٠١٦) پێداگیرە لەوەی كە نەتەوە خاوەن هەردوو ڕەهەندی خودی و بابەتییە و زۆربەی پێناسەكانی لەم چوارچێوەیەدا كراون، نەیانتوانیووە هەردوو ڕەهەند لەخۆ بگرن، بە جۆرێك بەشێك لە پێناسەكان تەنها لەسەر ڕەهەندی بابەتیانەی دروستبوونی نەتەوە وەستاون، وەك زمان و كولتوور و ئایین و خاك و دامەزراوەكان، لە كاتێكدا بەشێكی دیكە لە پێناسەكان تەنها لەسەر ڕەهەندی خودی وەستاون و جەختیان لەسەر لایەكانی دروستبوونی نەتەوە وەكو هەڵسوكەوت و ئاكار و هەستەكان كردووە. ئەنتۆنی دی سمیس پێناسەی نەتەوە دەكات وەكو "كۆمەڵگەیەكی مرۆیی ناونراو، كە خاوەن نیشتمانێكە، كۆمەڵێك ئەفسانەی هاوبەش و مێژووی هاوبەش و كولتوورێكی گشتیی هاوبەش كۆیان دەكاتەوە، كە تیایدا ئەندامەكانی ئەو نەتەوەیە خاوەنی ئابوورییەكی سەربەخۆ و ماف و ئەركی گشتیین" (Smith 1995, 57). دیارە تێڕوانینی سمیس ئەوەیە، كە نەتەوە لە شێوەی گرووپی ئیتنی و ئایینی لە مێژوودا هەبووە، بەڵام بەشێك لە پێناسەكان جەخت لەسەر مۆدێرنبوونی دروستبوونی نەتەوە دەكەنەوە.

زۆربەی پێناسەكان كە لەلایەن زانایانەوە بۆ سەرهەڵدان و پێكهاتەی نەتەوە دەكرێن خاوەنی سێ خاسیەتن. یەكەم خاسیەت، بریتییە لە بوونێكی شوێنی وەكو خاك، چونكە بوونی نەتەوە وابەستەیە بە هەبوونی نیشتمانێكەوە، هەروەكو لە پێناسەی هۆبزباوم و ئەنتۆنی سمیس دەردەكەوێت. خاسیەتی دووەم، بریتیە لە بوونێكی كۆمەڵایەتی وەكو ئەوەی زۆربەی نەتەوەكان خاوەن كولتوور و زمان و مێژوو و هەروەها ئەفسانەی هاوبەشن، خاسیەتی سێیەم، دەتوانین بڵێین بریتیە لە بوونێكی سیاسی، ئەویش وابەستەیە بە هەبوونی دەوڵەتێك، كە لە ژێر سایەیدا نەتەوە دەتوانێت پارێزگاری لە بوونی خۆی بكات.

ڕەشاد میران لە پرسی ڕەگوڕیشە و دروستبوونی نەتەوە ئاماژە بە كۆمەڵایەتیبوون و مێژووبوونی پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە دەكات و دەڵێت: "نەتەوە، دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی- ئێتنیكی مێژووییە، چونكە بریتییە لە كۆمەڵبوونی خەڵك، لە ناو ئەو كۆمەڵبوونەشدا، بە مەبەستی ڕێكخستن و ئەنجامدانی چالاكیی جۆراوجۆر، پەیوەندی و دەزگا دروست دەبن. لە هەمانكاتیشدا دیاردەیەكی ئێتنیكیشە، چونكە ئەو كۆمەڵبوونەی خەڵك، جگە لەوەی كۆمەڵگەیەك پێكدێنێ، هەروەها دەبێتە خاوەن هەندێ تایبەتمەندی كە جیای دەكەنەوە لە كۆمەڵبوونەكانی ترەوە" (میران ٢٠١٦، ٧٠).

بە جۆرێكی دیكە دەتواندرێت بگوترێت، ناسنامەی نەتەوەیی، هەستی پەیوەستبوون و بەرپرسیاریەتی بەرانبەر نەتەوە و كۆمەڵگەیە، دەتوانین بڵێین، ناسنامەی نەتەوەیی بە مانای ئەوەیە، تاكەكانی كۆمەڵگە، جۆرێك لە سەرچاوەی هاوبەش لە خۆیاندا هەست پێدەكەن (ڕەحیمی ٢٠١٧، ١٦٩).

وەك دەردەكەوێت، نەتەوە بە پرۆسێس دروست دەبێت و پێویستی بە هەبوونی ڕەگەزی جیاواز هەیە. دەكرێت بە شێوەیەكی گشتگیر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی جۆزێف ستالین، كە بۆ نەتەوەی كردووە و دەڵێت "نەتەوە، دروستكراوێكی مێژووییە، بوونی خەڵكێكە لە كۆمەڵگەیەكی سەقامگیر، كە لەسەر بنەمای بوونی زمانێكی هاوبەش، خاك، ژیانی ئابووری، دروستكراوێكی سایكۆلۆژی كە لە كولتوورێكی هاوبەشدا خۆی پەخش دەكات، دروست دەبێت" (Davis 1967, 169).

لەم پێناسەیەوە دەردەكەوێت، نەتەوە بە پرۆسەیەكی مێژوویی دروست دەكرێت و خاوەنی كۆمەڵێك خاسیەتی خودی و بابەتیانەیە، واتە وەكو دیاردەیەك، هەم دروست دەكرێت و هەمیش بەردەوام بە فۆرمی جیاواز هەبووە. ئەوەی نەتەوە دروست دەكات، كۆمەڵێك تایبەتمەندیی وەكو زمان و كولتوور و ئەفسانەی هاوبەشە، هاوتەریب لەگەڵ كۆمەڵێك تێڕوانین و هەست و هەڵسوكەوتی هاوبەش خۆیان دەردەخەن و شوناسێكی نەتەوەیی دەستەجەمعی دەبەخشن بە نەتەوەیەك. ئەو شوناسەش، بوونی نەتەوەیەك لە نەتەوەیەكی دیكە جیا دەكاتەوە و پەیوەندییەكان ڕێكدەخات. وەكو دەردەكەوێت لەمڕۆدا جیهان لە دەرەوەی شوناسی جیاواز، جیهانێكی تەواو لێكچووی بێ نەزمییە، كە سەردەكێشێت بۆ ئاڵۆزی و قەیرانی قووڵ و ئاژاوە.

## چوارەم: مێژووی پێكەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە كوردستاندا

بە چاوخشاندنەوە بە مێژووی دوور و نزیكی ئەو ناوچەیە، چەندین ڕووداوی ئازاربەخش دەبینین، بەشێكیان بەپێی پلانێكی داڕێژراو، بە پرۆسەیەكی هێواشدا تێپەڕیوون؛ بەشێكیشیان لە قۆناغێكی كورت و دیاریكراو، پەیڕەو كراون، وەك تاوانی لەنێوبردنی ئەرمەنەكان لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە توركیا، كە تیایدا "ئەرمەنەكان لە لایەن توركەكانەوە ڕووبەڕووی قەتڵوعام و چەوساندنەوە بوونەوە و وڵاتبەدەر كران، بەو هۆیەشەوە نزیكەی ٥٠ هەزار كەسیان ئاوارەی عێراق بوون و لە ئۆردوگاكانی باشوور دەژیان" (مكية ٢٠٠٩، ٢٦٧).

ڕەنگە ئەوە دیارترین جۆری پاكتاوی ڕەگەزی بێت لەم ناوچەیە بەرانبەر پێكهاتەیەكی دیاریكراو ڕووی دابێت، بەڵام چەندان نموونەی هاوشێوە لە توندوتیژی لە بەرانبەر ئەو پێكهاتانە كراوە كە لە قۆناغێكی دیاریكراودا دەسەڵاتیان نەبووە و بە زۆر دەربەدەر كراون و كوژراون. كورد یەكێكە لە قوربانییانی دەستی توندوتیژی و نەبوونی كولتووری پێكەوە ژیان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەكی

گشتی. هەندێکجار بکەر و دروستکەری توندوتیژی بووە و زۆرجاریش قوربانی بووە و کوشتن و بڕین بەرانبەر کورد ئەنجام دراوە.

لەگەڵ ئەوەی لە هەندێک قۆناغی مێژوویدا، کورد ئارەزووی کردووە دراوسێیی باشی گەلانی دیکە بێت و دۆستایەتیی باشی لەگەڵ هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان هەبێت، بە پێی گێڕانەوە مێژووییەکانیش کاری بۆ پێکەوەژیان و دۆستایەتی کردووە، بەڵام زۆر جاریش لە لایەن دوژمنانییەوە بەکارهێنراوە بۆ لێدانی گەلانی دیکە، یان پەیڕەوانی ئایینە جیاوازەکان. هەروەک زۆر سەرچاوەی مێژوویی جەخت لەسەر تێوەگلانی کورد لە قەتلوعامی ئەرمەنییەکان دەکەنەوە .

دەبینین "ساڵی ١٨٤٣ بەدرخانی کوڕی میری بۆتان، قەسابخانەی گەورەی بەرانبەر نەستوورییەکانی (فیز) ئەنجام دا، کە زیانی گەورەی گیانی و ماددی بە نەستوورییەکان کەوت. ئەمە لە کاتێکدا، ڕەفعەت پاشا لە هێرشێکی چاوەڕواننەکراوی بەدرخان بۆ سەر نەستوورییەکان ئاگادار کرابووەوە، حکومەتی عوسمانی بەڵێنی دابوو، فەرمان بە والی مووسڵ بدات مامەڵەیان لەگەڵ مەسیحییەکان باش بێت و ئەو هێرشە نەکرێت، بەڵام هێرشەکە کرا، چونکە ئەو فەرمانە درەنگ گەیشت، یان والی فەرمانەکەی فەرامۆش کرد، چونکە خۆی نەخشەی بۆ ئەو هێرشە دانابوو" (عەلی ٢٠١٣، ٢٧) .

پاڵنەرێکی دیکە ئەوەیە، هەندێک جار کوردانی موسڵمان لە سۆنگەی زاڵبوونی بیری ئایینی و نزمبوونی ئاستی هۆشیاری، هێرشیان کردووەتە سەر پەیڕەوانی ئایینەکانی دیکە، هەروەک پەلامارەکانیان بۆ سەر نەستووری و ئێزدییەکان "لە ساڵی ١٨٣٥ میر محەممەدی ڕواندز، مەسیحییە یەعقووبییەکانی گرت، بەڵام حکومەتی فەڕەنسی- (دەروازەی باڵا) ی ناچار کردووە فەرمانێک دەربکات بۆ ئازادکردنیان، یەکسەر دوای دەرکردنی ئەو فەرمانە، حکومەتی فەرەنسا، میر محەممەدی ناچار کردووە هەموو دیلەکان ئازاد بکات" (عەلی ٢٠١٣، ٢٩). ئەوەی لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، نەبوونی ئامادەیی پێکەوەژیان بووە لە نێوان پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکان، لە چەندین قۆناغی مێژوویی دوور و نزیکی کوردستاندا.

لە زۆرترین حاڵەتدا کورد بە زیان و شکست لە پرۆسەی توندوتیژی هاتووەتە دەرەوە و پاش بەهێزبوونی نەتەوەکانی دیکە، کورد بووەتە قوربانی و جارێکی دیکە توندوتیژی و سڕینەوەی بەرانبەر ئەنجامدراوە، بە تایبەت لە کاتی لاوازیدا، "لە ساڵی ١٩٢٥ کۆمەڵەی نەتەوەکان بڕیاری دا باشووری کوردستان (ویلایەتی مووسڵ) بخاتە سەر نەخشەی نوێی دەوڵەتی عێراق، دوای ئەو قۆناغە، حکومەتی عێراق بایەخێکی زۆری بەم ناوچەیەدا، بۆ ئەوەی ناوچەکە بگونجێنێت بە نەخشەی نوێی وڵاتانی عەرەبی، چەندین بڕیار و ڕێوشوێنی زۆری گرتەبەر و هەوڵەکانی لەوەدا چڕکردەوە، کە ژمارەی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە زۆرینەی عەرەب بێت، لە ڕووی کارگێڕییەوە چەندین هەنگاوی خێرای نا، ڕاسپاردەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان بە ناساندنی فرە کولتووریی پشتگوێخست و گوشاری زۆری خستە سەر ناوچەی ویلایەتی مووسڵ.

بە پێی ئامارێکی ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی دانیشتووانی کەرکووک بەم شێوەیە بوو: کورد ٤٨,٣٪، عەرەب ٢٨,٢٪، تورکمان ٢١,٤٪، ئەنجامی لێکەوتۆتەوە (قەڕۆژ ٢٠١٨، ١٣٨). ئەمە نموونەی پرۆسەی لاوازکردنی کورد و قبووڵنەکردنیەتی کە لە دەوڵەتی عێراقی نوێدا بەرانبەر بە کورد پەیڕەو کراوە. هۆکارەکەش ئەوەیە هەر لە سەرەتای دروستکردنی دەوڵەتی عێراقەوە خواست و مافی کورد ڕەچاو نەکراوە.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕێکاری توێژینەوە

#### ١. جۆر و میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفیە، کە تیایدا میتۆدی ڕووپێوی ڕاگەیاندن بەکارهاتووە، ئەمەش یارمەتی توێژەر دەدات لە تیشک خستنە سەر ئەو دیاردەیەی، کە لێی دەکۆڵێتەوە، هەروەها هەوڵێکی واقیعیە بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان. میتۆدی ڕووپێوی، یەکێکە لە شێوازە زۆر بەکارهاتووەکانی توێژینەوەی زانستی، چونکە هەوڵێکی زانستی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شیکردنەوەی دیاردەیەك، بە مەبەستی گەیشتن بە تایبەتمەندییەکان و زانیاری ئەوتۆ، کە بتوانرێت پۆلین و شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

#### ٢. کۆمەڵگەی توێژینەوە:

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری ڕاگەیاندن، بەتایبەتی سرووشتی ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، بریتییە لە (ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە پێکهاتەکان بە جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان).

#### ٣. دیاریکردنی نموونە و قەبارەی توێژینەوەکە

نموونەی توێژینەوە، وێناکردنی بەشێکی هەڵبژێردراوی کۆمەڵگەی توێژینەوەیە، کە تایبەتمەندییەکانی هەمان کۆمەڵگە دەگرێتەخۆ. بۆیە توێژەر بە ڕێکارێکی زانستی نموونەی توێژینەوە هەڵدەبژێرێت، تاکو نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوە بکات. هەڵبژاردنی نموونەی ئەم توێژینەوەیە، بە پێی نموونەی مەبەستدار (العينة القصدية) کراوە، کە زیاتر جۆرایەتی بە ئامانج دەگرێت، نەک چەندایەتی.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم جۆرە لە نموونەی توێژینەوەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ڕێکخراوەکان، بە هۆی ئەوەی کاراکتەرەکانی نێو ئەو ڕێکخراوانە، خاوەن تایبەتمەندی و ئەزموون و ڕۆشنبیری و زانیاریی لە پێشینەن لە بارەی بابەتی توێژینەوەکە، بۆیە توێژەر لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی وەرگرتووە. بە شێوەیەك لە هەریەک لە پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی و دهۆک)، (٢٠) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی وەرگیراوە، لە پارێزگای هەڵەبجەش تەنیا (١٠) ڕێکخراو، بە هۆی کەمی ژمارەی ڕێکخراوەکان وەرگیراوە.

#### ٤. سنوورەکانی توێژینەوە:

- سنووری بابەت: دەستنیشانکردنی ڕۆڵی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە هاندانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

- سنووری شوێن: هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە).
- سنووری مرۆیی: دەستەبژێری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان.
- ماوە: کاتی ئەنجامدانی کاری مەیدانی ئەم توێژینەوەیە، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٢/١٥ دەستی پێکردووە، تاکوو ٢٠٢٢/٦/١٥.

## دووەم: خستنەڕووی ئەنجامی مەیدانی:

**خشتەی 1 تایبەتمەندیی (ڕەگەز، تەمەن، ئاین، نەتەوە، بڕوانامە و شوێنی نیشتەجێبوون)**

| | زانیاری کەسی | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 165 | 61.8% |
| | مێ | 102 | 38.2% |
| تەمەن | 18-28 | 80 | 30.0% |
| | 29-38 | 95 | 35.6% |
| | 39-48 | 60 | 22.5% |
| | >48 | 32 | 12.0% |
| ئاین | موسڵمان | 195 | 73.0% |
| | مەسیحی | 33 | 12.4% |
| | ئێزدی | 8 | 3.0% |
| | کاکەیی | 13 | 4.9% |
| | جوو | 6 | 2.2% |
| | زەردەشتی | 4 | 1.5% |
| | ئەوانی دیکە | 8 | 3.0% |
| نەتەوە | کورد | 197 | 73.8% |
| | عەرەب | 24 | 9.0% |
| | تورکمان | 12 | 4.5% |
| | کلدان- ئاشووری- سریانی | 27 | 10.1% |
| | ئەرمەنی | 6 | 2.2% |
| | ئەوانی دیکە | 1 | 0.4% |
| بڕوانامە | ئامادەیی | 66 | 24.7% |
| | دبلۆم | 61 | 22.8% |
| | بەکالۆریۆس | 103 | 38.6% |
| | خوێندنی باڵا | 37 | 13.9% |
| شوێنی نیشتەجێبوون | سەنتەری پارێزگا | 140 | 52.4% |
| | قەزا | 92 | 34.5% |
| | ناحیە | 35 | 13.1% |

خشتەی (1) کۆمەڵێک گۆڕاوی تایبەت بە نموونەی توێژینەوە دەگرێتەخۆ، کە هەریەکەیان بەجیا دەخەینەڕوو:

١. **ڕەگەز:** لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، کە نموونەی توێژینەوە لە هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆک و هەڵەبجە) زیاتر لە ڕەگەزی نێرن، کە بریتین لە (١٦٥) یەکە بەڕێژەی (٦١,٨٪)، کەچی (١٠٢) یەکە بەڕێژەی (٣٨,٢٪) لە ڕەگەزی مێینە.

٢. **تەمەن:** وەک لە خشتەکەدا دەرکەوتووە تەمەنی نموونەی توێژینەوە زیاتر دەکەوێتە نێوان (٢٩-٣٨) ساڵی بەڕێژەی (٣٥,٦٪)، ئەوانەش کە تەمەنیان کەوتووەتە نێوان (١٨-٢٨) ڕێژەیان (٣٠٪)یە و ڕێژەی (٢٢,٥٪)یش تەمەنیان لە نێوان (٣٩-٤٨) ساڵیدایە، نموونەی توێژینەوە کاردەکەن و تەمەنیان لە (٤٨) ساڵ بەرەوژوورە لە پلەی کۆتاییدان بە ڕێژەی (١٢٪).

٣. **ئاین:** ئاین یەکێکە لەو گۆڕاوە بنەڕەتیانەی کە کاریگەری بەرچاوی لە سەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە هەیە. موسڵمان بە پلەی یەکەم هاتووە، کە (١٩٥) یەکەیە بەڕێژەی (٧٣٪)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سرووشتی ژینگەی کوردستان، کە زۆرینەی پەیڕەوانی ئاینی ئیسلامن. بە پلەی دووەم و بەڕێژەی (١٢,٤٪) مەسیحیین، هەردوو ئاینی کاکەیی و ئێزدی لە ریزبەندی سێیەم و چوارەمدان بەڕێژەی (٤,٩٪) و (٣٪)، پاشان ئاینی جوو بەڕێژەی (٢,٢٪) و ئاینی زەردەشتی بەڕێژەی (١,٥٪) هاتووە، لە کۆتاییشدا بەڕێژەی (٣٪) ئاین و بیروباوەڕەکانی تر هاتوون .

٤. **نەتەوە:** پێکهاتەی نەتەوەیی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە جیاوازن، بەجۆرێک لە ریزبەندی یەکەم بەڕێژەی (٧٣,٨٪) کە ژمارەیان (١٩٧) یەکەیە لە نەتەوەی کوردن، پاشان بەڕێژەی زۆر کەمتر نەتەوەکانی دیکە دێن، بۆ نموونە عەرەب بەڕێژەی (٩٪) لە پلەی دووەمدایە، (٢٧) یەکەش بەڕێژەی (١٠,١٪) کلدان و ئاشووری و سریانی لە پلەی سێیەم دێن، هەروەها ڕێژەی (٤,٥٪) تورکمان و (٢,٢٪) ئەرمەن لە پلەکانی چوارەم و پێنجەم هاتوون و ڕێژەی (٠,٤٪) ئەوانی دیکە بە پلەی شەشەم لە دەرەوەی نەتەوە ئاماژە بۆکراوەکان دێن.

٥. **بڕوانامە:** بە پێی خشتەی (1) دەردەکەوێت بڕوانامەی نموونەی توێژینەوەکە هەمەچەشنە، ئەوانەی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، زۆرینەیان پێکهێناوە و لە ریزبەندی یەکەمدان بەڕێژەی (٣٨,٦٪)، دواتر لە ریزبەندی دووەم و بەڕێژەی (٢٤,٧٪) دەرچووی ئامادەین و لە پلەی سێیەمیشدا بەڕێژەی (٢٢,٨٪) هەڵگری بڕوانامەی دبلۆم دێن، لە کۆتایشدا ڕێژەی (١٣,٩٪) هەڵگری بڕوانامەی خوێندنی باڵان.

٦. **شوێنی نیشتەجێبوون:** لە خشتەکەدا دەرکەوتووە، کە شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوە، کە لە ڕێکخراوەکانی نموونەی توێژینەوەکە کاردەکەن دابەشبووە بۆ (سەنتەری پارێزگا) کە بە پلەی یەکەم و بەڕێژەی (٥٢,٤٪) هاتووە، کە دەکاتە (١٤٠) کەس لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوە لە سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەشێکی زۆری ڕێکخراوەکان لە ناوەندی شارەکانن، هەرچی نیشتەجێبووانی قەزاکانن ڕێژەی (٣٤,٥٪)ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوە پێکدەهێنن و بە پلەی دووەم دێن، لە کۆتاییشدا بەڕێژەی (١٣,١٪) دانیشتووی ناحیەکانن.

**خشتەی 2 گرنگیدانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی ڕووندەکاتەوە**

| ژ | کەناڵ | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١ | هەواڵ و زانیاری و بەدواداچوونی ڕۆژ | 171 | %28.5 |
| ٢ | پڕۆگرامەکانی تایبەت بە پێشهات و پرسی سیاسی | 130 | %21.7 |
| ٣ | بابەت و پڕۆگرامی ڕۆشنبیریی گشتی | 92 | %15.4 |
| ٤ | پڕۆگرامەکانی تایبەت بە وڵات و نەتەوەی جیاواز | 71 | %11.9 |
| ٥ | بابەتی ئایینی | 54 | %9.0 |
| ٦ | کات بەسەربردن | 44 | %7.3 |
| ٧ | هۆکاری دیکە | 37 | %6.2 |
| | کۆی گشتی | 599 | %100 |

لە خشتەی (2) دەردەکەوێت، کە ڕادەی گرنگیدانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە دیدی نموونەی توێژینەوە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، کە هەریەکەیان گوزارشت لە شێواز و ناوەڕۆکی پەیامی میدیایی کەناڵەکان دەکات، لەم نێوەندەشدا ڕێژەی (٢٨,٥٪)ی نموونەی توێژینەوە پێیان وایە ئەم گرنگیدانە دەگەڕێتەوە بۆ (هەواڵ و زانیاری و بەدواداچوونی ڕۆژ). بە پلەی دووەمیش ڕێژەی (٢١,٧٪)ی نموونەی توێژینەوە هۆکاری گرنگیپێدانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی دەگێڕنەوە بۆ (پڕۆگرامەکانی تایبەت بە پێشهات و پرسی سیاسی). لە لایەکی تر (١٥,٤٪) ئەندامانی نموونەی توێژینەوە بە پلەی سێیەم پێیانوایە، کە گرنگیپێدانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ (بابەت و پڕۆگرامی ڕۆشنبیریی گشتی) کە ڕۆژانە لەم کەناڵانەدا پەخش دەکرێن. هەروەها (١١,٩٪)یش بە پلەی چوارەم دەرەنجامی (پڕۆگرامەکانی تایبەت بە وڵات و نەتەوەی جیاواز) بە فاکتەری گرنگیپێدانەکە دەبینن. لە پلەی پێنجەم و شەشەمیشدا، هەریەکە لە (بابەتی ئایینی) بەڕێژەی (٩٪) و بەرنامەکانی (کات بەسەربردن) بەڕێژەی (٧,٣٪) دێن و لە کۆتایشدا (هۆکارەکانی تر) بەڕێژەی (٦,٢٪) دێت.

**خشتەی 3 ڕۆڵی بەرنامەکانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان ڕووندەکاتەوە**

| ڕۆڵی بەرنامەکانی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان | | دووبارە | % |
|---|---|---|---|
| ١- لە کام یەك لەو کەناڵە ئاسمانییانە، بەرنامەی تایبەت بە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەبینی | K24 | 149 | 55.8% |
| | RUDAW | 64 | 24.0% |
| | NRT | 21 | 7.9% |
| | Kurdsat News | 33 | 12.4% |
| ٢- پێتوایە لە ئەجێندای کام کەناڵ، پرسی پێکەوەژیان ڕەنگیداوەتەوە | K24 | 145 | 54.3% |
| | Rudaw | 56 | 21.0% |
| | NRT | 32 | 12.0% |
| | Kurdsat News | 34 | 12.7% |
| ٣- بەرنامەکانی کام یەك لەو کەناڵانە، ڕۆڵیان بینیووە لە قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا | K24 | 143 | 53.6% |
| | Rudaw | 62 | 23.2% |
| | NRT | 32 | 12.0% |
| | Kurdsat News | 30 | 11.2% |

١. لە پرسیاری یەکەمی خشتەی سەرەوە (لە کام یەك لەو کەناڵە ئاسمانییانە، بەرنامەی تایبەت بە پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی دەبینی؟) دەرکەوتووە، بە پلەی یەکەم لە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان٢٤ بەرنامەی تایبەت بە پێکەوەژیان لای نموونەی توێژینەوە دەبینرێت، چونکە بە ڕێژەی (٥٥,٨٪) ئەم کەناڵەیان دەستنیشانکردووە.

دوای ئەویش بە پلەی دووەم و بە ڕێژەی (٢٤٪) کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو دێت، دوابەدوای ئەویش لە هەریەک لە کەناڵی ئاسمانیی کوردسات نیوز بە ڕێژەی (١٢,٤٪) و کەناڵی ئاسمانیی ئێن ئاڕ تی بە ڕێژەی (٧,٩٪) بە پلەی سێیەم و چوارەم دێن، هەروەک لە پاشکۆ ٤ وێنەی (9) خراوەتەڕوو.

٢. (پێتوایە لە ئەجێندای کام کەناڵ پرسی پێکەوەژیان ڕەنگیداوەتەوە؟)، پرسیارێکی تری کاریگەری خشتەکەیە، کە لە وەڵامدا (٥٤,٣٪) ی نموونەی توێژینەوە ئاماژەیان بەوە داوە، کە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان٢٤ لە دارشتنی ئەجێنداکەی زۆرترین ڕەنگدانەوەی پێکەوەژیانی پێوە دیارە، دوای ئەو کەناڵی ئاسمانیی ڕووداو بە ڕێژەی (٢١٪) دێت. پاشانیش کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردسات نیوز بە ڕێژەی (١٢,٧٪) و ئێن ئاڕ تی بە ڕێژەی (١٢٪) دین، هەروەک لە پاشکۆ ٤ وێنەی (10) خراوەتەڕوو.

٣. لە پرسیارێکی تردا، بۆ پێوانەکردنی ڕادەی ڕۆڵبینینی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان لە قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا، دەرکەوتووە، کە ڕێژەی (٥٣,٦٪) لێتوێژەران پێیان وایە کەناڵی ئاسمانیی کوردستان٢٤ لە بەرنامەکانیدا ڕۆڵی بینیووە لە قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی. دوای ئەویش کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، بە ڕێژەی (٢٣,٢٪) و بە پلەی دووەم دێت.

لە پلەی سێیەمیشدا کەناڵی ئاسمانی ئێن ئار تی بە ڕێژەی (١٢٪) دێت. لە کۆتاییشدا کەناڵی ئاسمانی کوردسات نیوز بە ڕێژەی (١١,٢٪) دێت، هەروەک لە پاشکۆ ٤ وێنەی (11) خراوەتەڕوو.

بە گشتی ئەنجامی خشتەکە، بە گوێرەی هەر سێ پرسیاری سەرەوە، لە بەرژەوەندی کەناڵی ئاسمانی کوردستان٢٤ تەواو دەبێت، کە زۆرترین ڕێژەکانی لە نێو نموونەی توێژینەوە بەدەستهێناوە، ئەمەش لە ژێر کاریگەی شێوازی کاری میدیایی کەناڵەکە و ئەو پرۆگرامانەی خستویەتیە خزمەت پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی.

وەک توێژینەوەکە سەرنجی داوە، کەناڵی ئاسمانی کوردستان٢٤، لە چەند قۆناغ و وەرزێکی میدیایی خۆیدا، بەرنامەی تایبەت بە پێکهاتەکانی هەبووە، لەوانەش: بەرنامەی (سورایا) تایبەت بە "کلدان، سریانی و ئاشووری" و بەرنامەی (ئێزدیخان) تایبەت بە ئێزدییەکان و بەرنامەی (ئاهورا) تایبەت بە کاکەییەکان. وێڕای چەندین زنجیرە دۆکیۆمێنتاری تایبەت بە پێکهاتەکانی دیکە. ئەمەش وایکردووە کەناڵەکە لە سەرووی ڕیزبەندییەکە دەربکەوێت.

لەلایەکی تر بە وردبوونەوە لەم بەراوردکارییەدا، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە جۆرێک لە لێکنزیکی داتاکان لە نێوان هەردوو تەوەری سێیەم و چوارەمدا هەیە، بەو پێیەی لە هەردوو تەوەرەکەدا، ڕیزبەندی ڕێژەکانی لەگەڵبوون و هەڵبژاردنی کەناڵەکان لە لایەن لێنتوێژەران هاوشێوەییە، کە لە هەردوو تەوەرەکەدا، ڕیزبەندی کەناڵەکان بە پلەی یەکەم بۆ ئاسمانی کورستان٢٤ و پلەی دووەم بۆ ئاسمانی ڕووداو و پلەی سێیەم و چوارەمیش بۆ هەریەک لە کەناڵە ئاسمانییەکانی کوردسات نیوز و ئێن ئار تی بوون.

**خشتەی 4 ئاستی کاریگەری کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لەسەر پێکەوەژیانی نەتەوەیی دەخاتەڕوو**

| پرسیارەکان | بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % |
| بوونی هەواڵ و بەرنامە بە زمانەکانی دیکە دەبێتە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان لەنێوان نەتەوەکان | 234 | 87.6% | 33 | 12.4% |
| هێرش و سوکایەتی بە هیچ نەتەوەیەك ناکرێت | 164 | 61.4% | 103 | 38.6% |
| ڕووماڵکردنی چالاکی و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تەواوی نەتەوەکان | 200 | 74.9% | 67 | 25.1% |
| گرنگی بە هێما و کەسایەتییە نەتەوەیەکان دراوە | 209 | 78.3% | 58 | 21.7% |
| کۆی گشتی | ٧٥,٥ | | 24.5 | |

بە تەماشاکردنی خشتەی (4) دەردەکەوێت، کە لە ئاستی دووەمدا کە تایبەتە بە هەڵسەنگاندنی پەیوەندی نێوان کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی و پێکەوەژیانی نەتەوەیی، ڕێژەی (٨٧,٦٪)ی نموونەکە باوەڕیان وایە بوونی هەواڵ و بەرنامە بە زمانی پێکهاتە جیاوازە ئایینی و نەتەوەییەکانی تر، دەبێتە هۆی زیاتر قوڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان لە نێوان نەتەوەکان، هەروەها نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٦١,٤٪) پێیان وایە لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی هێرش و سوکایەتی بە هیچ نەتەوەیەک نەکراوە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (٣٨,٦٪) هەست بە جۆرێک سوکایەتی دەکەن، کە ئەمە یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی پێویستە بۆ هێنانەدی پرسی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان لەبەرچاو بگیرێت و کاری جددی لە بارەوە بکرێت.

لە لایەکی تر (٧٤,٩٪)ی نموونەی توێژینەوە ئاماژەیان بە نەبوونی جیاوازی ڕووماڵی بۆنە نەتەوەیەکانی هەموو نەتەوەکان داوە و وایدەبینن کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی ڕووماڵی چالاکی و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەیەکانی تەواوی نەتەوەکانیان کردووە، هەروەها (٧٨,٣٪) لێنتوێژەران جەخت لەوە دەکەنەوە، کە لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی گرنگی بە هێما و کەسایەتییە نەتەوەییەکان دراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٢١,٧٪) بەپێچەوانەوە دەبینن و پێیان وایە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی گرنگیان بە هێما و کەسایەتییە نەتەوەییەکان نەداوە، هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێژەی (٢٥,١٪)یش پێیان وانییە، کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی ڕووماڵی چالاکی و بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی تەواوی نەتەوەکان بکەن.

لە ئەنجامە خراوەڕووەکانی ئاستی دووەم، کە تایبەتە بە کاریگەری کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لەسەر پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەیی، دەردەکەوێت، کە نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٧٥,٥٪) پێیان وایە کاریگەریەکی ئەرێنی گونجاو بەدیدەکرێت لە پەیوەندی نێوان کار و چالاکی میدیایی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی و پێکەوەژیانی نەتەوەیی، چونکە هەروەک لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو، کەناڵەکان چالاکی و بۆنە و بابەتە نەتەوەییەکانی کۆی نەتەوە جیاوازەکانیان لە ڕووماڵ و بەرنامەکانیاندا خستۆتەڕوو و کاریان لە بارەی پرسە نەتەوەییەکان کردووە، بەڵام لەبەرامبەریشدا، ڕێژەیەک لە نموونەی توێژینەوە، کە بریتییە لە (24.5%)، پێویستە بە هەند وەربگیرێن وای دەبینن، کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە پرسی پێکەوەژیانی نەتەوەییدا، خاوەنی شوێنپێگەیەکی کارا نین و نەیانتوانیووە گرنگی بە هێما و کەسایەتییە نەتەوەییەکان بدەن و گوزارشت لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی تەواوی نەتەوەکان بکەن.

**خشتەی 5 پێویستی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەسەر ئایین و نەتەوەکان دەخاتەڕوو**

| پرسیارەکان | بەڵێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % |
| ١. بوونی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەسەر ئایین و نەتەوەکانی ناو کوردستان بە پێویست دەزانی | 236 | 88.4% | 31 | 11.6% |
| ٢. هەست دەکەیت وەك پێویست کار لەسەر پرسی پێکەوەژیان کراوە | 145 | 54.3% | 122 | 45.7% |
| ٣. ئەگەر کێشەیەك لە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی هەبێت، ئایا پەیوەندی بە نەبوونی کەناڵی نیشتمانی نییە | 198 | 74.2% | 69 | 25.8% |
| ٤. کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی وەک یەک ڕووماڵی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان دەکەن | 114 | 42.7% | 153 | 57.3% |
| ٥. لە بەرنامەی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردییدا، دەرفەت بە ئایین و نەتەوەکان دەدرێت بۆ گوزارشتکردن لە خۆیان | 169 | 63.3% | 98 | 36.7% |

به وردبوونەوە لە خشتەی (5)دا، دەرکەوتووە، کە زۆرینەی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٨٨,٤٪) بوونی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەسەر ئایین و نەتەوەکانی ناو کوردستان بە باش و پێویست دەزانن، بەڵام ئاستی کارکردنی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی بە باوەڕی نموونەی توێژینەوە نەگەیشتۆتە ئەو ڕێژە بەرزە، چونکە تەنها (٥٤,٣٪)ی نموونەکە باوەڕیان وایە کە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی وەک پێویست کاریان لەسەر پرسی پێکەوەژیان کردووە، لە بەرامبەردە ڕێژەی (٤٥,٧٪)یش، باوەڕیان وایە کە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی نەیانتوانیووە کار لەسەر پرسی پێکەوەژیان بکەن.

لە لایەکی تر، زۆرینەی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی (٧٤,٢٪) باوەڕیان وایە کەمی کاری دەزگا میدیاییەکان لەسەر پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی، پەیوەندی بە نەبوونی کەناڵێکی ئاسمانی نیشتمانییەوە هەیە، لە بەرامبەردا (25.8%)ی نموونەی توێژینەوە، پێیانوانییە نەبوونی کەناڵێکی نیشتمانی کێشەی بەردەم کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی بێت بۆ کارکردن لە بارەی پێکەوەژیان.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانیش پەیوەست بێت بەو هەستەی نموونەی توێژینەوە هەیانە سەبارەت بە ڕادەی کارکردنی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی لە بارەی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوە جۆراوجۆرەکان، چونکە ڕێژەی (٥٧,٣٪)ی نموونەکە وایدەبینن، کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی وەک یەک ڕووماڵی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکان (هەموو ئایین و نەتەوەکان)یان نەکردووە، لە بەرامبەردا ڕێژەی (٤٢,٧٪) بە پێچەوانەوە، پێیان وایە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی وەک یەک ڕووماڵی بۆنە ئایینی و نەتەوەییەکانی هەمووانیان کردووە.

لە دوایشدا ڕێژەی (٦٣,٣٪)ی نموونەی توێژینەوە، باوەڕیانوایە، کە لە بەرنامەی کەناڵەکانی ئاسمانی کوردیدا دەرفەت بە ئایین و نەتەوەکان دەدرێت گوزارشت لە تایبەتمەندی و بەهاکانی خۆیان بکەن، بەڵام بەشێکیش بەڕێژەی (٣٦,٧٪)ی نموونەکە، بە پێچەوانەوە پێیان وانییە کەناڵەکان دەرفەتیان بە ئایین و نەتەوەکان داوێت گوزارشت لە تایبەتمەندی و بەهاکانیان بکەن.

**دەرئەنجام**

**گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:**

1. نزیکەی زۆرینەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە، لەگەڵ ئەوەدان هەر چوار کەناڵی ئاسمانیی بە نموونە وەرگیراو، بە ڕادەی جیاواز کاریان لە سەر پرسی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستاندا کردووە.
2. زیاتر لە سێ لەسەر چواری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە، پێیانوایە (بەرنامەکانی ئایینی) کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە لە پێکەوەژیانی ئایینی لە هەرێمی کوردستان.
3. نزیکەی سێ لەسەر چواری نموونەی توێژینەوە، پێیانوایە پەیوەندییەکی کاریگەر لە نێوان (کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی) و (پێکەوەژیانی ئایینی) هەیە و کەناڵە ئاسمانییەکان بە ئاراستەیەکی ئەرێنی کاریان لەسەر (پێکەوەژیانی ئایینی) کردووە.
٤. زیاتر لە نیوەی نموونەی توێژینەوە، لەو باوەڕەدان کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی ڕەچاوی (بەرژەوەندییە باڵاکانی نیشتمان) دەکەن.
٥. زیاتر لە نیوەی نموونەی توێژینەوە، لەو بڕوایەدان کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی توانیویانە پارێزگاریی لە (پرنسیپەکانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ) بکەن.
٦. زیاتر لە نیوەی نموونەی توێژینەوە، باوەڕیان وایە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی، ڕەچاوی (یاسا بەرکارەکانی تایبەت بە مافی پێکهاتەکان)یان لە هەرێمی کوردستاندا کردووە.
٧. سێ لەسەر چواری نموونەی توێژینەوە، لە گەڵ ئەوەدان کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی کاریگەیی ئەرێنییان لە پرسی (پێکەوەژیانی نەتەوەیی) هەیە.
٨. نزیکەی نیوەی نموونەی توێژینەوە، لە (١ بۆ ٣ کاتژمێر) و زیاتر لە یەک لەسەر چواری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە (کەمتر لە یەک کاتژمێر) و بەشەکەی تریشی زیاتر لە (٣) کاتژمێر، تەماشای کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی دەکەن.
٩. زۆرینەی ڕەهای نموونەی توێژینەوە، هەبوونی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی لەسەر ئایین و نەتەوەکانی ناو هەرێمی کوردستان بە گرنگ و پێویست دەزانن.
١٠. لە دیدی زیاتر لە نیوەی نموونەی توێژینەوە، کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی تێگەیشتنی تەواویان هەیە لە بارەی گرنگی پرسی پێکەوەژیانی ئاشتیانە.

**راسپاردە**

**گرنگترین ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە بریتییە لە:**

١. پێویستە کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی زیاتر بایەخ بەو بابەت و کەیسانە بدەن، کە پەیوەندییان بە پرسی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی نێوان تەواوی پێکهاتەکان هەیە، بۆ ئەم مەبەستە خولی هۆشیاری و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی بواری هەواڵ و بەرهەمهێنانی بەرنامەکان بکەنەوە.

٢. کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی بە بەرپرسیاریەتی زیاتر مامەڵە لەگەڵ پرسی پێکەوەژیان بکەن و ڕەچاوی بەرژەوەندی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکان بێ جیاوازی بکەن و هاوسەنگی بپارێزن.

٣. بوونی بەرنامەی هاوبەش لە نێوان کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی و دەستەبژێری پێکهاتەکان، بۆ نموونە لەگەڵ: کلدان، سریان، ئاشووری و تورکمانی... هتد، بۆ ئەوەی لێکنزیکبوونەوەی زیاتر دروست بێت.

٤. میدیا بە گشتی و کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی بە تایبەتی، لە پاڵ زمانی کوردی بە زمانەکانی دیکەی وەک (ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی و تورکی) هەندێک برگە و بەرنامەی تایبەت ئامادە بکەن و بڵاویان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بە خستنەڕووی ڕاستی دۆخی پێکەوەژیان لە هەرێمی کوردستان، سەرنجی دونیای دەرەوە ڕابکێشن.

٥. بەو پێیەی پێکەوەژیان پرسێکی نیشتمانییە، میدیا بە شێوەیەکی پیشەییانە و زمانێکی سەردەمیانە مامەڵە لەگەڵ کەیس و بابەتەکانی پەیوەست بە پێکهاتەکان بە هەموو ڕەنگ و جیاوازییەکانیانەوە بکات.

٦. میدیا بە گشتی و کەناڵەکانی ئاسمانی کوردی بە تایبەتی، ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕن لە پرۆسەی گەشەپێدانی کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هزری لێبووردن و یەکترقبووڵ کردن لە هەرێمی کوردستاندا.

## پێشنیاز

**گرنگترین پێشنیازەکانی توێژینەوەکە بریتیە لە:**

١. پرسی پێکەوەژیان بوارێکی گرنگە بۆ توێژەرانی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بۆ ئەوەی لە چەندین ڕەهەندی جیاواز کاری لەسەر بکەن و وەک بەڵگەیەکی ڕوونی پێکەوەژیان (بە فاکت و داتا و زانیاری ڕاست و دروست) لە هەرێمی کوردستان پیشان بدرێت و بە زمانە زیندووەکانی دونیا لەبەردەست بێ.

٢. پێویستی بوون و دامەزراندنی سەنتەر و دامەزراوەی تایبەت بە پرسی پێکەوەژیان بە تایبەت لە لایەن زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان.

٣. ئەنجامدانی کۆنفرانسی ئەکادیمی، فێستیڤاڵی ساڵانە، چالاکی کولتووری، هونەری، ئەدەبی و وەرزشی، بە بەشداری تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی و ئایینزاکان و بە مۆرک و زمان و تایبەتمەندی خۆیان، هاندەرێکی باش دەبێت بۆ لێکتزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندی و گیانی برایەتی و دۆستایەتی لە نێوانیاندا.

٤. کارکردن بۆ هێنانە کایەی میدیاییەکی تەواو نیشتمانی و خاوەن دیدگایەکی ڕوون بە پێویستییەکی هەنووکەیی لێکدەدرێتەوە. هاوکات هەبوونی کۆدی بەرپرسیارێتی و چاودێری میدیا، کە بەشێوەیەک لە گەڵ بنەماکانی ئازادی کاری میدیایی و یاساکانی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەوانی بێتەوە، بە گرنگ و پێویست دەزانرێت.

## سەرچاوەکان


١. الزواوي بغوره. ٢٠٠٣. الاسلام والتسامح، موقف الامام عبدالحميد بن باديس، مؤسسة مؤمنون بلا حدود للدراسات والابحاث، الجزائر.

٢. پەروێز ڕەحیمی. ٢٠١٧. دەوڵەت و نەتەوە، خانەی هزری کوردستان، هەولێر.

٣. ڕەشاد میران. ٢٠١٦. چەند بابەتێکی ئێتنۆکۆمەڵایەتی . هەولێر: بەرگی ١-٢، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٤. ڕەشاد میران. ٢٠١٧. ڕەوشی ئاینی و نەوەیی لە کوردستاندا. هەولێر: چ٣، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٥. سەعید ڤەرۆژ. ٢٠١٨. ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، چ١، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی.

٦. شوکر مستەفا. ٢٠٠٦. سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

٧. صادق رواندزي. ٢٠١٩. قاموس صادق. اربيل: دارأربيل للطباعة والنشر.

٨. عبدالملك الدناني. ٢٠٠٦. البث الفضائي العربي وتحديات العولمة الإعلامية. القاهرة: المكتب الجامعي الحديث.

٩. عرفات كرم ستوني. ٢٠١٤. فلسفة التعايش السلمي بين الاديان، بحث مقدم لمؤتمر العلوم الاسلامية بجامعة صلاح الدين، اربيل.

١٠. عوسمان عەلی. ٢٠١٣. کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیا، و: کامەران جەمال بابان زادە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١١. كنعان مكية. ٢٠٠٩. جمهورية الخوف، ط١، المنشورات الجمل، بيروت– بغداد.

١٢. ليليا شابي. ١٩٨٧. التباينات والمعايشة في: التسامح الثقافي. القاهرة.: تحرير: مراد وهبة، مكتبة الأنجلو المصرية.

١٣. محمدعبدالبديع السيد. ٢٠٠٩. أثر القنوات الفضائية على القيم الأسرية. القاهرة: ط٢، العربي للنشر والتوزيع.

١٤. محمود حسن اسماعيل. ٢٠١١. مناهج البحث الاعلامي. القاهرة: دار الفكر العربي.

١٥. مەغدید سەپان. ٢٠٢١. ڕۆژنامەی "کوردستان" و هەلومەرجی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی. هەولێر: چاپخەنەی کوردستان.

١٦. نازم عەبدوڵڵا. ٢٠١٦. پێکەوەژیان بەرەو بەخۆداچوونەوە گۆڕانکاری. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

١٧. هاوڕێ یاسین محەمەدئەمین. ٢٠١٤. لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان. سلێمانی: چ٣، چاپخانەی کارۆ.

١٨. هەژار موکریانی. ١٩٩٠. هەنبانە بۆرینە. تاران: چاپخانەی سرووش.

١٩. ئازاد محەمەدەمین نەقشبەندی. ١٩٩٨. جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی. هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

20. Davis, Horace B. 1967. Lenin and Nationalism: The Redirection of the Marxist Theory of Nationalism, 1903-1917, Science & Society, Vol. 31, No. 2, pp. 164-185.

21. FRENDO, HENRY. 2005. Coexistence in Modernity: A Euromed Perspective, RoutledgeTaylor &francis GAROUP, The European Legacy, Vol. 10, No. 3, pp. 161-177.

22. Smith, Anthony D. 1995. Nations and Nationalism in a Global Era (Cambridge, UK: Polity).

23. Wanche, Sophia Isabella. 2002. Identity, nationalism and the state system: the case of Iraqi Kurdistan, Durham University.

# The Role of Kurdish Television Channels in Religious and Ethnic Coexistence in The Kurdistan Region

**Mohammed Kareem Saeed**
Department of media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
mehemedkerim@gmail.com

**Assist. Prof. Maghdid Khudir Sapan**
Department of media, College of Arts, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
sapanov@hotmail.com

## Abstract:

Media and television channels have played an important role throughout history in delivering data and information to public. With the rise of satellite TV channels, they had created a significant trend of disseminating information. The rise of modern communication devices has slowed down the trend, but it never led to the loss of its importance and relativity in many aspects. Due to the broadened understanding and awareness of public, the media channels have made their impact through its diverse programs.

In this research, the various roles of Kurdish TV channels that they play with regards to religious and ethnic coexistence are explained. The samples are taken from two source pools; the general Kurdish news and investigative media; A number of Kurdish channels (namely: Kurdistan 24, NRT, Kurdsat News, Rudaw).

The significance of this research comes from identifying the role of Kurdish media channels in strengthening the culture of peaceful coexistence in the global volatile environment in which violence and conflict are imminent.

The critical objectives of the research are:

1- The identification of the role of the Kurdish channels' programs in closing the gap between the various religious and ethnic groups as well as strengthening the culture of coexistence among them.

2- Discussing the extent to which research samples are given attention to on the topics of religious and ethnic coexistence in the Kurdish satellite channels.

3- Showcasing the role of Kurdish media channels in disseminating the idea of coexistence and strengthening religious and ethnic coexistence in Kurdistan Region.

**Keywords: Role, Television Channels Religious, Ethnic Coexistence, Kurdistan Region**